سەروتار



بەختیار حەیدەر

# خۆزگە

دەمێک بوو، بەنیاز بووم چەند خۆزگەیەک بنووسم، کە ئومێدم وایە بێتە دی و دوارۆژمان گەشبین و رووناک بکات و پێشم وایە کە وەدیهاتنی ئەو هیوایانە و پراکتیزە بوونیان لە ژیانی رۆژانە، فاکتەرێکی گرینگ و پێویستن، بۆ رێکخستنی ناومالْمان دروستبوونی دەولْەتی یاسا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ بەرژەوەندی بالآی کوردستان ئومێد و هیوایە.

هیڤیخازم، ئەو هیوایانە، لە سەری سالْی نوێی کوردییەوە، وەدی بێن:

* هەستی کوردایەتی و ئینتمای نیشتمانی (کە هەست دەکرێت بێهێز بووە) دووبارە بگاتەوە ترۆپکی بەهێزی، لەلای خەلْکی کوردستان، نەخاسمە هێندێک لە بەرپرسان و گەنجەکان.

* یاسا بە کردەوە سەروەر بێت، هیچ کەس و دەزگایەک لە سەرووی یاساوە نەبێت. سەرپێچیکەرانی یاسا، سەر بەهەر گرووپ و لایەنێک بن، بدرێنە دادگا، بەتایبەتی بەرپرس و چەکدارەکان.

* بەهیچ شێوەیەک، دەست لە کاروباری دەسەلآتی دادوەری، وەرنەدرێت.

* تا زووە چیدی دەزگاکانمان، ئەوەندە مژوولْی کاروباری بێسەروبەر نەبن و پوولْ بەخۆرایی خەرج نەکەن.

* حکومەتی هەرێم، پلانی دارێژراوی درێژخایەنی هەبێت، بۆ کار و چالاکی و دەزگاکانی.

* حکومەتی کوردستان، پەلە بکات لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوولآتییان، لە تەزووی کارەبا و سووتەمەنی و ئاو و ئەوانی تر.

* هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی حکومەت هەبێت، لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکان.

* چاو بخشێندرێتەوە، بە دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی، یا پێویستی لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دامەزراون.

* حیزبایەتی ببێتە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی کوردایەتی، نەک دەرەنجامێک بۆ پەیداکردنی پارە و سەروەت و سامان و بەرژەوەندی کەسییەتی.

* نووسەرەکانمان، لەکاتی نووسیندا سنووری ئازادی،ماف، کەسایەتی، کۆمەلْگا، بیروباوەڕی بەرانبەر و بەرژەوەندی گشتی نەبەزێنن.

* بازرگانەکانمان نەختێک ویژدان بەکاربێنن، لە جۆر و نرخی ئەو بابەتانەی کە دەیهێنن و دەیفرۆشنەوە هاوولآتییان.

* بەلْێندەرانمان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژە و بەلْێندەرایەتییەکانیان، بەهەستێکی لێپرسراوانە و نەتەوەییانە کار بکەن، بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز بۆ کوردستانە خۆشەویستەکەمان.